تەندروستی: کوتانی دژی هاری بەردەستە



ئەمە دووشەمە، وەزارەتی تەندروستی، بەردەستبوونی مەحەم و ڤاکسینی دژە هاری سەگ لە هەموو دامەزراوە تەندروستییەکاندا ڕاگەیاند، لە کاتێکدا هۆشداری دا لە مەترسی ئەم نەخۆشییە ڤایرۆسییە کوشندەیە و ئاماژەی بۆ کرد کە خۆپاراستن لەم نەخۆشییە تەنها لە کاتژمێرکانی سەرەتای برینداربووندا دەکرێت.

سەیف بەدر، وتەبێژی وەزارەت بۆپەی ئاژانسی هەواڵی فەرمی کەموتێع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند: "نەخۆشی هاری نەخۆشییەکی ڤایرۆسی کوشندەیە، مەرج نییە هەموو سەگێک تووشبوو بێت، بەڵام سەلامەتی تەندروستی وا دەخوازێت کە هەر گازگرتنێکی سەگ وەک حاڵەتێکی کتوپڕ (تەوارێ) ئەژمار بکرێت و پێویستە دەستبەجێ سەردانی نزیکترین بنکەی تەندروستی بکرێت."

هوونیشیکردەوە، "چارەسەری خۆپارێزی لە نەخۆشی هاری بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، بە پاککردنەوەی وردی برینەکە دەست پێدەکات، پاشان کوتانی ڤاکسین یان مەحەمی دژە هاری، کە ژمە (جرعة) یەکەم لە ماوەی چەند خولەکێک یان کاتژمێرکی کەم لە دوای پێکانەکە دەدرێت، دواتر بە خشتەیەکی تایبەت دوای 3 ڕۆژ، و دوای هەفتەیەک، پاشان دوای دوو هەفتە، و لە کۆتاییدا دوای زیاتر لە 20 ڕۆژ، لەژێر چاودێری تیمێکی پزیشکی پسپۆڕدا."

ئاماژەی بۆوش کرد، "فایرەسی هاری زۆر مەترسیدارە و هیچ چارەسەرێکی نییە لە ناوەوە یان دەرەوەی عێراق دوای دەرکەوتنی نیشانەکان، هێژەی مردن دێگاتە ش100% ئەگەر چالاکی فایرەسەکە لەناو جەستەی مرۆڤدا دەست پێبکات،" هاشیگیاند کە "خێپاراستن تەنها لە کاتژمێرەکانی سەرەتای دوای گازگرتنەکە دەکرێت."

باسی لەوەش کرد کە "توشبوو هێنگە نیشانەکانی وەک کەکە، وەهم (هلوسة)، هەوکردنی مێشک، و ترس لە ئاو (hydrophobia)ی تێدا دەرکەوێت و لە ماوەی چەند هێژەکی کەمدا گیان لەدەست بدات،" ئاماژەی بۆوش کرد کە "زۆربەی سکاکان لە وەزارەتی تەندروستی بەهەی پشتگوێخستنی سەردانی بنکە تەندروستییەکانە دوای گازگرتنەکە، بەتایبەت ئەگەر برینەکە سادە بێت، و دوای دەرکەوتنی نیشانەکان سەردانی نەخۆشخانە دەکەن کە ئەو کاتە هیچ چارەسەرێک نییە."

سەبارەت بە دیاردەی سەگی بڵاند، بەدر دووپاتی کردەوە کە "بەرێنگاربوونەوەی ئەمانە بەرپرسیارێتی وەزارەتی تەندروستی نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی ئەرکی لیژنە ناوخێییەکانی هەر پارێزگایەکدایە بە سەرکایەتی پارێزگار، و ئێندامییەتی شارەوانی بەغداد، لایەنە ئەمنییەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ، و فەرمانگەی ڤێتەرنەری."

دووپاتیشی کردەوە، "ڤاکسین و مەڵحەمی دژە هاری لە هەموو دامەزراوە تەندروستییەکان بەردەستە، بەتایبەت لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانە سەرەکییەکان لە بەغداد و پارێزگاکان."

لەکۆتاییدا بەدر داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد "هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە بە چارەسەرکردنی دیاردەی سەگی بڵاند،" و ئاماژەی بۆوە کرد کە "ئەو حاڵەتانەی بە فەرمی وەک تووشبووی هاری لە عێراق تۆمار کراون، ژمارەیان سنووردارە."

هاوونیشیکردەوە، "وەزارەت مامەڵە لەگەڵ هەر گازگرتنەکی سەگدا دەکات وەک ئەوەی ئەگەری گواستنەوەی نەخۆشییەکەی لەبەرکرێت و دەستبەجێ هەڵکار خێپارزییە پەویستەکان دەگرێنەبەر،" هەروەها هەشداریشی دا لە "تەکەڵەکردن لەنەوان بریندارەوون بە گازگرتنی سەگ و تووشبوونی ڕاستەقینە بە نەخۆشی هاری (داء الكلب)."